## دکتۆر کەمالی سەید قادر ئازاد کرا
## کەمپینی ئازادی بۆ دکتۆر کەمال کۆتایی پێ هات

وەک لە هەموو ئێوەی هێژا ڕوون و ئاشکرایە، لە ئەنجامی ڕفاندن و بێسەروشوێن کردنی بەڕێز دکتۆر کەمالی سەید قادر لە ڕۆژی( 26 – 10 – 2005 ) لەلایەن دەسەڵاتدارانی پارتییەوە لە هەولێر ئەم کەمپینە دامەزرا. پاشتریش لە ئەنجامی دادگایی کردنێکی بێسەر و بەری سەرپێییدا، بە( 30 ) ساڵ زیندانی مەحکوم کرا.

لە ڕوانگەی بڕوای تەواومانەوە لە داکۆکیکردن لە بیری ئازاد و قەڵەمی بوێر و دەربڕینی هەژی، و لە پێناو چەسپاندنی بنەماکانی دیموکراتییەت لە کوردستانی ئازیزماندا، ئەم کەمپینە کەوتە چالاکی نواندن بۆ ئازادکردنی بێ هەلومەرجی دکتۆر کەمالی سەید قادر و هەموو دکتۆر کەمالەکانی دیکەی نێو کوردستان. هاوکات بە هەستێکی بەرزی کوردانەی وڵاتپارێزی و کوردپەروەری و مرۆڤدۆستییەوە، زۆرینەی ڕۆشنبیران، نوسەران، دڵسۆزان، یار و یاوەران بۆ پەرەپێدانی هەمان مەبەست، لە دەوری خۆی کۆ کردەوە و وەدەنگی هێنان. زۆر بارودۆخی دژواری وەک گلەوگازندە، بەربەرەکانی کردن، دابڕان، نائومێدی، فریودان، هەڕەشە لێکردن، سۆکایەتی پێکردنی بڕی. زۆر کۆڕ و کۆبوونەوە و سمینار و خۆپیشاندانی لە سەرانسەری جیهاندا ساز کرد. دەنگی خۆی گەیاندە گوێی هەموو ئازادیخوازانی سەرڕووی زەمین، هەموو ڕێکخراوە و کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکانی داکۆکیکردن لە مافی مرۆڤی بەسەر کردەوە، پەرلەمانی ئەورووپی و سەرکردە ناودارەکانی ئەم ڕۆژگارەی لە پێشێلکردنی مافی تاک و کۆمەڵی کورد لە کوردستاندا وەئاگا هێنایەوە.

بەردەوامیی کەمپینەکە بوو بە مایەی گۆڕاندنی ئەو ( 30 ) ساڵە بە ساڵ و نیوێک و پاشتر بە ئازادکردنی تەواوی لە ڕۆژی پێنج شەمەی ڕێکەوتی ( 06 – 04 – 2006 )دا . بەو ئازادکردنەش کەمپین سەرکەوتنێکی گەورە و بەرچاوی وەدەس هێنا.

ڕاشکاوانەش ئەوەمان بۆ خودی خۆمان، لە دەرەوەی وڵات و بۆ جەماوری ناوەوەی وڵاتیش سەلماند، کە ئێمەی میللەت و نەتەوەی کورد، ئەگەر بێت و تەبایی لە نێوانماندا بەرقەرار بێ، دەتوانین زۆر کاری لەمەش گەورەتر بە ئەنجام بگەیەنین. لە هەمان کاتدا ئەوەشمان بۆ سەرانی ئەم ڕۆژگارەی کوردستانیش سەلماند، کە ئێمەی جەماوەری بەرفرەوانی ستەمدیدەی کوردستان، شایانی گوهداری و ڕێز لێگرتن و شایستەی هەموو ئەو مافە دیموکراتییانەین کە ئێستا لە وڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهاندا باون.

لەم سەکۆ ئازادەوە و بە داوای لێبوردنەوە لە هەموو ئێوەی خوشک و برایانی هێژا و ئازیز، ئەوە ڕادەگەیەنین کە ڕۆژی یەکشەمەی ڕێکەوتی( **09 – 04 - 2006 ) بە کاتی ئەورووپا، ڕۆژی ماڵئاوایی و کۆتایی هاتنی کەمپینی ئازادییە بۆ دکتۆر کەمالی سەید قادر. لە ئێستاشەوە تا ئەو کاتە بە هەستێکی بەرزی برایانەوە، بە ڕابردووی ئەم کەمپینەدا دەچینەوە و گوێڕایەڵی هەموو بیر و بۆچوونێکیش دەبین. جەختیش لە سەر ئەوە دەکەینەوە کە لەو مێژووە بە دواوە، هیچ کەس و لایەن و ئۆرگانێک بۆی نییە بە ناوی ئەم کەمپینەوە بدوێ یان ڕاگەیاندن و بەلاڤۆک بڵاو بکاتەوە.**

**لە کۆتاییدا سوپاس و پێزانینی خۆمان ئاراستەی هەموو ئۆرگان، تاک، کۆمەڵ، تەلەفزیۆن، ڕادیۆ، ڕێکخستن، سایتی ئەنتەرنێت، گۆڤار و ڕۆژنامەکان دەکەین کە بە شێوەیەکی هەژی داکۆکییان لەو کێشە ڕەوایە کرد. لە هەمان کاتدا دووبارە داوای لێبووردن لە هەموو ئەو خوشک و برایانە دەکەین کە لە بەر هەرچی هۆیەک بووبێت، دڵیان لێمان ڕەنجا بێت و هەستیان گەردی گردبێت، داواکارین کە بە گەورەیی خۆیان بمانبەخشن.**
**لەگەڵ ڕێزی بێ پایانماندا.**

**ناوەندی ڕاگەیاندنی کەمپینی ئازادی بۆ دکتۆر کەمالی سەید قادر.**
**کوردستان یونایتد _ پاڵتاک 07 – 04 – 2006 .**
**kurdistanunited@yahoo.com.au**